کرێکاری خزمەتگوزار ڕەفعەت حەمەد:

# کەناسی پیشەیەکی پیرۆزە، چونکە خزمەتی هاووڵاتی دەکات



**هەر کارمەند و کرێکارێکی خاوەن مووچە (بە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەوە) پێویستە کاری پێ سپێردراوی بە باشی جێبەجێ بکات، ئەوەش هیچ منەتێکی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە ئەرکی خۆی کاردەکات، بەتایبەتی ئەوانەی خۆبەخشانە و دڵسۆزانە کاری زیاتر لە ئەرکی خۆیان دەکەن، پێویستە هەم خاوەنکار و هەم هاووڵاتی سڤیل ڕێزیان بگرن. ڕەفعەت حەمەد ئیسماعیل لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٤ـە و کاری کەناسی دەکات. وەك کەسێکی ژینگەپارێز و کرێکارێکی خزمەتگوزار جگە لە ئەرکی ڕۆژانەی، بە شەویش (بە بێ بەرامبەر و بە شێوەیەکی خۆبەخش) زبڵ و خاشاکی چەند گەڕەکی هەولێر کۆدەکاتەوە، لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گوڵان باسی خەون و ئاوات و ئاریشە و کێشەکانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کڵاوەکەی و جووتێ دەستەوانە و ئەو بەرگە فسفۆرییەی بە سەر جلەکانیدا لەبەری کردووە، لە دوورەوە سەرنجی خەڵك ڕادەکێشن. ئەوە دیمەنی ڕەفعەت حەمەد ئیسماعیل بوو. ئەو گەنجێکی تەمەن ٣٥ساڵە و وەك خۆی باسیکرد، لەگەڵ دایك و برایەکی بچووکی پێکەوە دەژین و هێشتا ژیانی هاوسەریی پێکنەهێناوە. ڕەفعەت کرێچیە و مانگانە ١٥٠ هەزار دینار کرێی خانوو دەدات. هەرکەس سەردانێکی گەڕەکی (هیران سیتی ١ لە جووت سایدی لاوان)ی هەولێری پایتەخت بکات، مەحاڵە چاوی بەو مرۆڤە ژینگەپارێزە نەکەوێت. ئەو گەڕەکەی کە خۆی تێیدا نیشتەجێیە، بە تاکی تەنیا بە ڕۆژ و بە شەو کاری تێدا دەکات و زبڵەکانی کۆدەکاتەوە. بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو خۆنەویستە، گەڕەکەیان یەکێ لە خاوێنترین گەڕەکەکانی شارە و خەڵکی گەڕەکیش شاهیدی بۆ ماندووبوونی ئەو گەنجە دەدەن. ڕەفعەت کەسێکی کەمدوو و پڕکارە. هەرگیز دەست لە کەس پان ناکاتەوە، تەنانەت ئەوانەی پارەیەکی کەمی وەك بەخشش پێ دەدەن، بە زۆر وەری دەگرێت.

ڕەفعەت سەبارەت بە کاری کەناسی و خاوێنکردنەوەی ژینگە لە زبڵ دەڵێت: «کەناسی پیشەیەکی پیسە، بەڵام زۆر پیرۆزە، چونکە خزمەتی هاووڵاتی دەکات.» سەبارەت بە کارەکەی خۆیشی ئاماژە بەوە دەکات کە «جگە لە کاتەکانی نانخواردنی ژەمەکان و نووستن لە درەنگانی شەوادا، بە ڕۆژ و شەو لە دەرەوەی ماڵە و کاری خاوێنکردنەوە دەکات.» هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کاتێك زبڵ دەبینم لە ناو گەڕەك بڵاو بووەتەوە، زۆر خەم دەخۆم، هەندێ هاووڵاتی زۆر کەمتەرخەمن، دەبەی ئاو، عەلاگە، قووتی ساردی و زۆر شتی تر لە ناو کۆڵان و شەقام فڕێ دەدەن. بەڕاستی کۆڵان و شەقامیش وەك ماڵی خۆمان دەبێت بپارێزین. چۆن ئەگەر ناوماڵێك خاوێن نەکرێتەوە، ئەندامانی ئەو خێزانە تووشی زۆر نەخۆشیی دەبن، ئەگەر کۆڵان و شەقامیش خاوێن نەکرێتەوە و هەر زبڵ و پیسایی تێدا بێت، ئەوا شارەکە ڕووبەڕووی زۆر مەترسی دەبێتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە زبڵ ئەگەر وشکیش بێ و هەڵگری نەخۆشی و مەترسی بۆ باری تەندروستیش نەبێت، دیمەنی ژینگەکە پیس دەکات. خاوێنی دڵ ئاسوودە دەکات، دیمەنی بەرچاو جوان دەکات و ئەوش سوودی بۆ باری دەروونی مرۆڤ هەیە.»

ڕەفعەت لە خوێندن بێبەش بووە و هەر لە منداڵیەوە ناچار بووە بە هۆی بێ سەرپەرشتی کار بکات. پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە «ماندوویی مانای نییە، ئەوەی کارەکەی خۆش بوێ، بۆ وەرگرتنی بەخشش و پاداشت کار ناکات، کاری خۆی دەکات و خوای گەورە لە خۆی ڕازی دەکات.»

ئەو گەنجە دڵپاکە گلەیی لە هەندێ هاووڵاتی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە هەندێ لە ئافرەتان داییبیی منداڵی ساوای خۆیان لە عەلاگە ناپێچنەوە، هەروا لێرە و لەوێ فڕێی دەدەن، پاککردنەوەشی دەکەوێتە ئەستۆی کەسانی وەك ئێمە، کە بەڕاستی زۆرجار تەندروستیمان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام چۆن دکتۆر بێز لە نەخۆشی خۆی ناکاتەوە، ئێمەش بێز لە زبڵ و پیسایی هاووڵاتی ناکەینەوە و خاوێنی دەکەینەوە. بەڵام هیوادارم هاووڵاتی هاوکاریمان بکات. بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین گەڕەك و شارێکی خاوێنمان هەبێت.»

ڕەفعەت وەك هەموو گەنجێك ئاواتی گەورەی هەیە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هیوای گەورەم ئەوەیە هاوسەرگیری بکەم، خانوویەکم هەبێت و لە کرێچییەتی ڕزگارم بێت. بەڵام ئەگەر خوای گەورە ئەوانەشی پێ نەدام، هەر شوکرم و واز لە کارەکەشم ناهێنم. کارەکەم خۆش دەوێت و خوا بەو کارە ڕزقی داوم.»

**چۆن دکتۆر بێز لە نەخۆشی خۆی ناکاتەوە، ئێمەش بێز لە زبڵ و پیسایی هاووڵاتی ناکەینەوە و خاوێنی دەکەینەوە**

**هیوادارم هاووڵاتی هاوکاریمان بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین گەڕەک و شارێکی خاوێنمان هەبێت**

**ماندوویی مانای نییە، ئەوەی کارەکەی خۆش بوێ، بۆ وەرگرتنی بەخشش و پاداشت کار ناکات، کاری خۆی دەکات و خوای گەورە لە خۆی ڕازی دەکات**